هەڵی دایەو ووتی بەخوا هەر ناوبەدی‌یەکە بۆمنە بەلام چایەکان بۆ شێخە . . ! دەبێتە پێ‌کەنین .

کۆچی دوایی شێخ نوورالدین .

لە تەمووزی ساڵی ١٩٥٢ لە گەڕانەوەی بۆماڵەوە شێخ نووچی ئەداو دەکەوێ بەرێکەوت ناوچەوانی بە دیوارێکی بەرامبەری دەکەوێ‌و دەبێ بەبرین لەمەکاتەدا دەرزی نەخۆشی کەزاز لە نەخۆشخانەی کۆیە نابێت برینەکەی وورده وورده تەشەنە دەکاو چاك نابێتەوە پاش چەند رۆژێك دەی‌بەن بۆ هەولێر لەوێت پاش تەداویەکی زۆر دیسان چارەی ناکرێت لەنەخۆشخانە دێتە دەرەوە خانوویەکی بۆ بەکرێ دەگرن هەموو رۆژ دکتۆر هاموو شۆی دەکا بەلام بەبێ‌سوود .

تواناشیان نابێت بیبەن بۆ دەرەوە یان شوێنێکی کە بۆ چارەسەری تاکو شەوی چوارشەمووی ١٩٥٥/٨/٢٠ گیانی پاکی بەخاکی کوردستان ئەسپێری‌و هەر لەگەڵ بیستنی وەفاتی زۆربەی دانیشتوانی کۆیەو دەوروپشتی بەرەو پیری تەرمەکەی دێن‌و .

ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرو ناودارو پیاوە ئاینی‌یەکانی هولێر لەگەڵ تەرمەکەی دێن بۆ کۆیەو لەپاش نیوەرۆی رۆژی چوارشەممە لەگۆرستانی دەروێش‌خدر لەتەك مامۆستاو برای گەورەی ئەینێژن ، هەزار سلاو لەگیای پاکی شێخ نوور الدین بێ کە لەمساوە هەر خزمەتی نەتەوەو گەلەکەی کردووەو هەردەم هەوڵی داوە میللەتەکەی بەسەر بەرزیو سەرفرازی بژیت .

سەرچاوەکان

ئەم مەعلوماتە لە مامۆستای بەرێز عبدالمجید شێخ نوورالدین وەرگیراوە .

مێژووی ژیانی هونەرمەندی (ژن) شەریفە ئاغای نەمر

شەریفە ئاغای هونەرمەندو سوار چاکی کورد ئا
(شیرین)ە کچی (بێبۆ)ی کوری (کەلۆ) یە لە خێڵی هەرکی
بە شەریفە شەرۆ ناوبانگی دەرکردبوو لە نێو خێڵەکەیداو لە
هونەرمەندانی ئەو سای کوردا وەك کاوێس ئاغا ، عەلی مەح
پالانی . عەزیز ئاغا قەوان ، حەمەد ئاغامەندو حەسۆ حە
کۆر .

شیرین لە پاییزی ساڵی ١٨٩٥ دا لە رێگادا لە دایك دەبێت
خێڵەکەیان لەکوێستان بەرەو گەرمیان دەگەڕانەوە دایکی شی
ناوی (بەگی) بووە .

شیرین هەر لە منداڵیەوە پەروەردەی ئاوو هەوای خو
سازگاری کویستانە دڵفرێنەکانی کوردستان بووە وەك گەو
مەرگەوەرو دەشت‌و دەشتی براندیزو چارچەلی هەرکیان کە
بەهەشتێکی سەررووی زەمین . . .

شیرین تاتەمەنی (١٢) ساڵی جلی ئافرەتان دەپۆشی‌و
پاشدان جلی ئافرەتان فرێ دەداو قژەجوانەکەی دەبڕی‌و
پیاوان لە بەردەکات‌و چەکیش هەڵدەگری‌و دەبێتە شوان
دەم شوانی‌یەوە بۆ دڵخۆش‌کردن‌و دامرکاندنەوەی داخی
دەروونیەوە بە لاوك خەم ودەردو پەژارەی دڵی خۆی
ڕشتووە .

جلال ملا حسن خوشناو

تیرین که جلی پیاوان لەبەر دەکات ناو بانگی بە (شەریفە شەرۆ) دەردەکات . شەرۆ واز لە شوانی دەهێنێ‌و دەبێتە پیاوو چەك هەلگری (ئەحمەد خانی هەرکی) کەبتان (های) لە کتێبی (ستان في كردستان) (الجزء الثاني – صفحه (۳۱) دەڵێ : لە سالی ١٩١٨ – لە گوندی (دێرێ) چاوم بە ئەحمەد خانی هەرکی کەوت ژنێکی لەگەل دا بوو جلی پیاوانەی لەبەربوو پێیان دەگۆت (شريف ژن) . های دەڵێ : (ئەم ئافرەتە بالأبەرزو لاوازبوو بەلأم سینگێکی پانو بەرزی هەبوو ، هەمیشە جلی پیاوانەی لەبەردەکردو تفەنگك‌و رختەی دەبەست وەك پیاوێکی بە هێز وا بوو ، هەمیشە لەگەل ئەحمەد خانی هەرکی دابوو) . پاش مردنی ئەحمە خانی هەرکی شەرۆ لە لای چەند سەرۆکی هۆزی هەرکی ژیانی خۆی بردوتە سەر وەکو نعمەت خان ، طاهر ئاغا ، طه ئاغا ، نورۆ قورشید ئاغا ، فەتاح ئاغا . شەریفە ئاغا زۆر جار دیدەنی (سمایل ئاغای شکاکی) کردوەو لاوکی بۆ گوتوه . .

ئەسپی شەریفە ئاغا ناوی (مشکۆ) بوە . شەریفە ئاغا لە دوا پاییزی سالی ١٩٥٧ دا کۆجی دوای دەکات لە کوێستانی (وارخاتوون) وەلە مەزارگەی (مام شێخان) دەشاردریتەوە . . لە کوردستانی ئیران .

– **شەریفە ژن ، ژن دەهێنێ**

شەریفە ئاغا دەکەوێتە داوی دلداری کچێکی شوخ‌و جوانی خێلەکەی کە ناوی (خۆخێ) بوە لە گوندی (مامۆندیان)(١) جێ‌نشین بووە .

شەریفە ئاغا بۆ خوازبێنی (خۆخێ) داوا لە (سەیدطه)(٢) دەکا کە برایەکانی خۆخێ رازی بکات ، سەید طه داوا لە برایەکانی کچە دەکات ، ئەوانیش رەزامەندی خۆیان نیشان دەدەن ، ئنجا شەریفە ئاغا خۆخێ مارەدەکات‌و دەیگوازێتەوە شەریفە ئاغا دەبێتە خاوەنی مەرو مالأت‌و رەشمال ، زۆر جار شەریفە ئاغا لە جیاتی رەشمال خیوەتی سپی هەلدەدا . .

شەریفە ئاغاو جەنگی جیهانی یەکەم

شەریفە ئاغا لە سالی ١٩١٧ دا کە پیاوی (ئەحمەد خانی)(٣) هەرکی دەبێت لە کوێستانی (خاتوون خاس) لەگەل سەربازانی تورك وەك مەجید چاوەش‌و ئەحموی هەرکی‌و چەند سەربازێکی تر هێرش دەباتە سەر سەنگەری رووسەکانی قەیسەری لەم هێرشە تەنیا شەریفە ئاغا رزگاری دەبێت .

شەریفە ئاغاو جەنگی جیهانی دووەم

شەریفە ئاغا لە سالی ١٩٤١ دا کە پیاوی نورۆی قورشید ئاغا دەبێت لە کوێستانی (وارمامز) هێرش دەباتە سەر (پۆست)ی(٤) عەجەمەکان لە چەند کەسێکی دی لە خێلی هەرکی ، چەند سەربازێکی عەجەم دەکوژن‌و ئەوانی دی بەدیل دەگرن ، شەریفە ئاغا لەو شەرەدا بە دەمانجەی (بەرابێل) سەربازێکی عەجەم دەکوژێ‌و تفەنگێکی برنۆی دەست‌دەکەوێ‌و دەگەرێتەوە بو ناو هۆبەکەی .

شەریفە شەرۆی لاوك بێژ

شەریفە شەرۆ هونەرمەندێکی بە تواناو دڵ تەربوە ، لاوکەکانی شەرۆ رەنگکدانەوەیەکی ژیانی کوچەرایەتیو دلداریو سوار چاکی کوردی بە دیار دەدات .

دەنگکو ئاوازو هەستی ناسکو بەهرەی شەرۆ لە ناو سازو ئاوازی کوردیدا مۆرکێکی تایبەتیو رەسەنایەتێکی تەواوی کوردەواری پیوە دیارە چونکە لە نیو کومەلگای کوردەواری هەلقولاوە . لاوکەکانی دەنگکو بۆنی هەورازو نشێوی چیایە سەر کەشەکانی کوردستانی لیّ دیّ .

ئەو لاوکانەی شەریفە شەرۆ گوتیەتی هونەرمەندانی تری کوردیش گوتیانە بەلام هەر یەکە دەنگکو ئاوازو گوتنی تامو چێژەی خوی هەیە .

شەریفە شەرۆ زوربەی ژیانی خوی لە دیوەخانەی ئاغاو میرو سەروك خێلەکان بردوتە سەر ، شەوان دیوەخانەی گەرم کردوە بە ئاوازو دەنگە زوڵالەکەی .

هەروەها شەریفە شەرۆ لەگەل هونەرمەندانی ئەوسای کورد لاوکی گوتوە لە چاپخانەی (عەلی فلەییح) لە هەولێر .

نموونەیەك لە لاوکەکانی
شەریفە ئاغای نەمر

- یار بەیازیّ[٥] -

دەردۆ دەردۆ هەویا گوندیّ مەبلندە لە هێواریّ ، بەری خۆ بکەنە شین دۆستا من راوستایە لە هەیوانیّ دکات بەنیّ ساقیّ گولا گۆریّ ئەمن دەچم شین دۆستا خو بخازم ئەگەر دامن چاکو چێتر ، ئەگەر نەدامن ئەزیّ دیّ برەوینم حوکمیّ کوچك چاپیّ دەستیّ زۆرداریّ .

وەرە وەرە یار بە یازی بە ژن بلندیّ جاو بەلەکیّ سووکا مالیّ گەردەن قازیّ . دەردۆ دەردۆ بە یازی تەلە شیوازیّ[٦] ئەز لە شیوازیّ ئەزی بە ژنا دۆستا خۆ پیوا بە بوستیّ تەمام گازیّ . .

ئەزیّ دیّ چم شین دۆستا خۆ بخازم ئەگەر دامن چاکو چێتر ، ئەگە نەدامن ئەزیّ برەوینم بەمە مالا (بەحری بەگیّ) سوار قەوازیّ[٧] .

بەلیّ حەیفا من دەمینیّ پیسە مێری تەرەسی بەرتە رازیّ .
وەرە وەرە یار بە یازی بە ژن بلندیّ چاو بەلەکیّ سووکا مالیّ قوماربازیّ[٨] .

سەرچاوەکان

١ – سنتان في كردستان . الجزء الثاني . تأليف دبليو ، ار – هي ترجمة فواد جميل .
٢ – مەجید ئەحمەد خان هەرکی .
٣ – مەجید نورۆ ئاغا هەرکی .
٤ – ئەنا خواجە هەرکی .

فەرهەنگوك

١ – **مامۆندیان** : **گوندێکە لە نزیك کەلەکی یاسین ئاغا** .
٢ – **سەید طە النهري** : **فەرمانڕەوای رەواندوز بووە لە سالی ١٩٢٣ تا سالی ١٩٢٩** .
٣ – **خاتوون خاس ، وارمامز** : **دوو کوێستانن لە کوردستانی ئیران**
٤ – **پۆست** : **مەخفەری سەر سنوور** .
٥ – **بەیاز** : **سپی ووشەیەکی تورکی‌یە** .
٦ – **شیواز** : **گوندێکە لە کوردستانی ئیران** .
٧ – **قەواز** : **ناوی ئەسپیّ بەحری بەگی‌یە** .
٨ - **قومارباز** : **حەنەك . یاری** .